www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-11-2007 22:43

لەڕێوڕەسمی بەکاردینالێبونی عەمانوئیل دلی، شاندی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستانی دیاری وەزارەت پێشکەش بە پاپای ڤاتیکان دەکەن. ... مەریوان نەقشبەندی-راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف

ڕۆژی 2007/11/24 پەتریارك (عەمانوئیلی سێیەم دلی) سەرۆکی تائیفەی کلدانیەکانی کوردستان و عیراق لەڕێورەسمێکدا کە نزیکەی 3000کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بەشداریان تێدا کرد لەلایەن پاپا بندیکتی شەشەم پاپای ڤاتیکانەوە پلەی کاردینالی پێبەخشرا و بووە یەکێك لەیاریدەدەرەکانی پاپای ڤاتیکان، لە ڕێورەسمەکەشدا بۆ یەکەمجار لەمێژووی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شاندێکی وەزارەتی ئەوقاف بەشداری تێدا کرد کەسەرەرای دوو کەسایەتی ئایینی موسڵمان و مەسیحی، هەریەکە لە حاجی ئاکۆ بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی و خالید جەمال ئەلبیر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان لەوەزارەتی ئەوقاف لەم ڕێورەسمەدا بەشداربوون،

خالیدجەمال ئەلبیر ئەندامی شاندەکەی وەزارەتی ئەوقاف لەڤاتیکانەوە رایگەیاند کەوا کاردینال عەمانوئیل دلی شاندی وەزارەتی ئەوقافی کوردستانی بە پاپای ڤاتیکان ناساندوە و دیاری وەزارەتیشی پێشکەش کردوە و جێگای خۆشحاڵی پاپا بووە، حاجی ئاکۆ بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانیش لەپەیوەندیەکی تەلەفونیدا تەئکیدی کردەوە کە نزیکەی 3000کەسایەتی ئایینی لە83 دەوڵەتی جیهانەوە بۆ ئەو ڕێورەسمە هاتبوون و بەشداربوونی شاندی وەزارەتی ئەوقاف لەم ڕێورەسمەدا هەنگاوێکی گرنگ بوو لەڕێگای ناساندنی تایبەتمەندی پێکەوژیانی ئایینی هەرێمی کوردستان بە کەسایەتیە ئایینیەکانی بەشداربووی ئەو ڕێورەسمە، د. سیروانیش کە وەك مامۆستایەکی ئایینی ئیسلامی کورد لەم ڕێورەسمەدا بەجلی کوردیەوە بەشداربوو لەناو ڤاتیکانەوە بەکەناڵی ئاسمانی (عەشتار) ی راگەیاند کە بەشداربونیان لەو ڕێورەسمەدا پەیامی ئاشتی و خواستی پێکەوژیانی گەلی کورد لەگەڵ ئاین و نەتەوەکانی جیهاندا و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ کاردینال عەمانوئیل دلی خواست و وەرگرتنی ئەو پلە تازەیەی بەسەرکەوتن بۆ هەموو عیراقیەکان وەسف کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.